

# چاوێلکە بۆ پاراستن و جوانی چاوەکانتە

لە هاویندا تیشکی هەتاو بەهێز و دونیاش گەرم دەبێ، کچانیش دەبێ خۆیان لە گەرما و تیشکی ڕۆژ بپارێزن، چونــك ڕەنگە گرفت بۆ پێســتیان پەیدا بکات، ڕەنگە دووچـــاری چەندین گرفتیان بکاتەوە، وەك ســـووتانی پێســـت و شـــێواندنی ماکیاژ و تێکدانی سەروسیمای خانمان. کچان بۆ پاراستنی پێستی جەستەنیان، دەتوانن کرێمێك یان دژەهەتاوێك بەکاربهێنن، بەڵام ئەی چی لە چاوەکانیـــان بکەن، خۆ ناکرێ کرێمیش لە چاویان بدەن، لێرەدا چارە ئەوەیـــە چاوێلکەیەك لە چاو بکەن، بێجگە لە پاراســـتنی چاوەکانت لە تیشـــکی خۆر و ڕووناکی بەهێز، هەروەها چاوەکانت جوان و سەرنج ڕاکێش دەکەن، چاوێلکە چەندین جۆر و چەشنی هەیە، بۆ هەر وەرزێك جۆرە چاوێلکەیەك پەیدا دەبێت، لە وەرزی هاوینیشـــدا مۆدی تـــازەی چاوێلکە هاتە کایـــەوە، زیاتر هەردوو مارکەی (پرادا و دیۆر) لەو بوارەدا پێشـــەنگن. مۆدی ئەو هاوینەش چاوێلکەی شـــێوە بازنەییە، کە بەشـــی هاوێنەکەی وەك شـــێوەیەکی بازنەیـــی وادەردەکەوێ، دەسکەکەشی لە شێوەی نەخشێکی لارە، لە بارەی ڕەنگی چاوێلکەوە، خانمان سەربەستن چ جۆرە چاوێلکەیەك لە چاویان دەکەن، بەڵام زیاتر ڕەنگی : ڕەش، سوور، سپی، باوە بۆ چاوێلکە.

# خانمان فێری چێوەچاو بن

چێوەچاو (لاینەر)، بەشـــێکە لە ئارایشـــت و ڕازاندنەوەی چاو. سیمای ئەو جۆرە ماکیاژە جوانییەکی زیاتر بە چاو دەبەخشێ، ئەگەر چی پێشتر خانمان کەمتر چێوەچاویان دەهێنا، کەچی ئێســـتا ئەوان گرنگیەکی زیاتری پێدەدەن. چێوەچاو بریتییە لە هێڵێك کە بە دەوری برژانگدا دەکێشـــرێت، کە وادەکات چێوە چەرمی چاو گەشـــتر و زەقتر خۆی دەنوێنێ. زیاتر هێڵێکی ڕەشە یان ڕەنگاوڕەنگە، کە گۆشەی لای ژووری چاو دەست پێدەکات بەرەو گۆشەی لاجانگی چاو دەکشێت، لە کاتی ماکیاژکردندا خانمان کەرەســـتەی چێوەچاو لە ژوورەوە بەرەو دەرەوە بە هێڵێك دەکشـــێن، بەڵام کە چاو دەکەنەوە برژانگی ســـەرێ و خوارێی چاویان کەوتۆتە نێوان چێوەی دوو هێڵ کە شێوەی چاویان گەشتر پیشان دەدات، ئەم ئارایشتە چەندین جۆری هەیە، کە بریتیین لەمانەی دادێن:


-چێوەچاوی بەرز، ئاســـانترین و باوترین جۆری چێوەچاوە، تا بتوانی ئەو چێوەچاوە بکەی، دەبێ لاینەری شـــل بەکاربهێنی، بە فڵچەکە بەسەر برژانگتا تێپەڕێنە لە گۆشـــەی لا جانگدا بە کەوانەیی بەرەو ســـەرەوەی ببە.دەبێ لە بەکارهێنانی ئەو چێوەچاوەدا ورد بیت، مەرجە هێڵەکە ئەســـتوور بێت، بەڵام نابێ ڕاستە و ڕاست بێ، واباشە هێڵێکی لار بێت لە بەشی دەرەوەی چاو.

-چێوەچاوی فیرعەونی، ئەو جۆرە چێوەچاوە لە ســـەرەتای ژوورەوەی برژانگ دەســـتپێدەکات، بەرەو دەرەوە دەچێ، لە دەرەوەی برژانگیش شـــێوەیەکی سێگۆشەیی نیشان دەدات، بەڵام هێڵەکەی باریکە، ئەوەش دەبێ بە دوو هێڵی تەریب لە سەرەوە و خوارەوەی برژانگ هەبێت.

-چێوەچاوی ماسی، جۆرێکی دیکەی هێڵکاری چاوە، بۆ دانانی ئەم چەشنە، دەبێ قەڵەمی سپی بەکاربهێنی تا برژانگت بە ئەستووری دیار بێ، کە هاوتەریب لە تەنیشت هێلکارە ڕەشەکە دەبێ.

-چێوەچاوی باڵندە، ئەم هێڵەش لە شـــێوەی باڵی باڵندە وایە، کە هاوتەریبە لەگەڵ براژنگی چاو، بەڵام کورتترە، دەبێ ئەســـتووریش بێ، لە ناوەوە باریکە و لەدەرەوەش بە ئەستووری هێڵەکە بکێشە، تا هێڵی برژانگت وەك باڵی باڵندە خۆی نیشان بدات.

-چێوەچاوی ڕەنگاوڕەنگ- جووت ڕەنگ: ئەگەر چی هەردەم چێوەچاو لە ڕەنگی ڕەشـــە، بەڵام کچان و خانمان دەتوانن مۆدی هێڵ چاوی ڕەنگاوڕەنگ یان دوو ڕەنگە بەکاربهێنن، ئەوەش بە دانانی دوو ڕەنگ کە ڕەنگی دووەمیان یان لەسەر یان لە خوارووی ڕەنگەکەی دیکە بێ، بەڵام مەرجە ڕەنگەکان لە ڕووی هارمۆنییەوە لەگەڵ یەکدا بگونجێن، یان لە یەك بچن.





# تۆخە ماکیاژ ئاوێنەیەکە بۆ جوانیت

زۆربەی کچان حەز بە ماکیاژ دەکەن، هەندێکیان لە زۆربەی کاتدا دەم و چاویان بە ماکیاژە، هەندێکی دیکەش تەنیا بۆ بۆنە و زەماوەند و ئاهەنگ رووخساریان دەکەنە رووبەرێك بۆ نەخشی ماکیاژ و کەرەستەی خۆ رازاندنەوە. خانمان جوانتر دەبن ئەگەر سادە ماکیاژێك بکەن، پێشتر دەگوترا کە ماکیاژ تا چەند سادە بێ، ئەوەندە ناسکە، بەڵام گۆڕانکاری لە مۆدەدا ئەو رێچکانە دەشکێنێ، شێوەی تازە دێنێتە کایەوە. ئەوەتا پسپۆرانی ماکیاژ دەڵێن : واجوانە کە کچان ماکیاژی تۆخ بکەن، چونکە تۆخە ماکیاژ چاو و برۆ و لێو جوانتر دەردەخەن، بەڵام کاتێك کە ماکیاژی تۆخ دەکەین، دەبێ ئاگاداری یەکخستنی رەنگەکان بین، بۆ نموونە : دەتوانین هەر یەکە لە رەنگی (پشت چاو، لێو، نینۆك) هاورەنگ بن، یان تەنیا دەکرێ رەنگی پشت چاو و لێو لە هەمان رەنگ بن، لە بارەی تۆخی ماکیاژەوە، کچان دەبێ برێکی زۆر لە بۆیە و دەرمانی ماکیاژ لە خۆیان بدەن، تا بە تۆخی دیار بێ، یان دەکرێ زیاتر لە چینێك ماکیاژ بکەن، واتە دووبارە و سێ بارەی بکەنەوە. زیاتر ئەو ماکیاژە بۆ بۆنە و ئاهەنگ و زەماوەند گونجاوە، بەڵام کچان دەشتوانن هەمان ئەو ماکیاژە تۆخە بۆ دەرەوە لە خۆیان بدەن، بەڵام وا باشە بۆیەی دژە توانەوە لە سەر ماکیاژەکە بدەن، تا ماکیاژەکە نەتوێتەوە.

# کراسی بووکێنی بۆ ٢٠١٥



هێشتا (٢٠١٤) تەواو نەبووە، ئەوەتا چەندین کراسی تازە بۆ ساڵی داهاتوو هاتووە، پسپۆرانی بواری جل و بەرگ، لە ئێستاوە مۆدی ساڵی داهاتوویان دیاری کرد. کراسی بووك سیمای جوانی بووك دەردەخات، لە مۆدی پێشوودا کراسی بەرۆك کراوە بوو، لە مۆدی تازەدا، ئەو شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، تەنانەت زۆربەی پارچەکانی ئەو جلە، بە ستایلێکی دیکە جێگۆڕ کراوە. لە مۆدی داهاتووی جلی بووکدا، بەشی سەرەوە بە پارچەیەکی توول داپۆشراوە، کە زیاتر بەشی سەر قۆڵ و شان و بەرۆك دەگرێتەوە. ئەوەی لە پێشوودا هەبوو کە زیاتر سادە بوو لە نەخشدا، بەڵام لەو کراسە تازەیەدا، نەخشی زۆر لە سەراپای کراسەکە بەدی دەکرێ، ئەوەش بۆ زیاتر سەرنج و جوان کردنی کراسەکەیە. وا بڕیارە کە لە مۆدی داهاتووی جلی بووکدا، تارای سپی هەبێ، کە لە پێشتردا زیاتر دەخرایە پێشەوەی سەری بووك، کەچی لەو مۆدە نوێیەدا پارچەیەکی بچووکە و دەخرێتە پشتەسەری بووك، وا چاکە کچان لە ئێستاوە لە مۆدی ئەو کراسە بگەڕێن، تارادەیەك لە مۆدی پێشوو دەچێ رەنگە هاوشێوەی ئەو مۆدەیەی داهاتوو بن یان لە یەك بچن.



# گەورەترین هەمبرگەر به خۆڕایی بخۆ

چێشـخانەیەك لە بەریتانیا، گرەو لەگەڵ موشتەرەکانی دەکات، گرەوکەش بەم شـێوەیە: لەو چێشخانەیە لەفەیەکی هەمبرگەر هەیە کە کێشـی یەك کیلۆ و نیو دەبێ، تیرەکەشی دەگاتە (٣٠) سەنتیمەتر، نرخی تەواوی بە (٦٠) دۆلارە، ئەگەر ئەو کەسەی توانـی هەموو هەمبرگرەکە بخوات، ئـەوە بە خۆڕایی دەبێ، ئەوەشـی نەیتوانی تەواوی هەمبرگرەکە بخوات، دەبێ پارەی خواردنەکە بدات، خاوەنی ئەو چێشـتخانەیە ناوی (راسـیل تیزبوری)یـە، ئەو پارەیەی لە قازانجی ئەو گرەوەی دەسـت دەکەوێ، دەیـدات بە خانەی بە سـاڵاچووان، کە لە نێویاندا دایکی خاوەنی چێشخانەکەی لێیە. بیرۆکەیەکی ژیرانەیە، تا ئەوانەی سەردانی ئەو چێشتخانەیە دەکەن، خۆیان تاقی بکەنەوە کە ئایا دەتوانن ئەو هەمبرگەرە بخۆن، یان پارەی تەواوی بدەن، کە قازانجی بێهاوتای هەیە بۆ خاوەن چێشخانەکە، وەك خۆی دەڵێ: پێم خۆشـە کەسـێك هەموو لەفەکە تەواو بکات، کە (١٢) هێندەی لەفەیەکی ئاسایی هەمبرگەرە.




# شاجـوانی بێـژەرانی مۆندیال بناسە

هەموومان سـەیری یارییەکانی مۆندیال دەکەین، ئەگەر هەمووشمان نەبین، بەشـێکی زۆر هەر یەکە هاندەری تیپێکـە، یان هەر خولیای بینینی یاری مۆندیالە. لەو مۆندیالە شـتی سەیر و سـەرنج راکێشی لێ روودەدا، ئەوەتا جوانترین و سەرنج راکێشترین بێژەری کچیان دەست نیشان کردووە، لـە کاتێکدا مۆندیال وەرزشـە و چ حەقێکی بە جوانی کچانەوە نییە، بەپێـی زۆربەی راو و بۆچوونی ئەوانەی رۆژانە لە مۆندیالن و تەنانەت ئەوانەش کە لە تەلەفزیۆنەکانەوە سەیر دەکەن، کچە بێژەری مەکسیکی (ئینیس ساینز)، سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی راکێشاوە، کاتێـك بە جلی ناسـك و جوان، لە نێو یاریگادا قسـە بۆ جەماوەرەکـەی دەکات، تەنانەت هاندەرانیش چەندین گوڵی بۆ دەهاوێژن. کچـە بێژەرە جوانەکەی دیکەش، خۆشەویسـتەکەی (ئیکەر کاسـیاس)ی ئەستێرەی ئیسپانیایە، کە ناوی سارا کاربۆنێرۆیە، ئەوەی سەیرە نەوەك شـاجوانی بێژەران هەیە، بەڵکو شـاجوانی هاندەرانـی کچیش هەیە.




# فڕۆکە جوانەکە!

فڕۆکەی گەشت کردن، لە زۆربەی وڵاتاندا هەن، رۆژانە خەڵك گەشت و کاری خۆیانیان پێدەکەن، وەك دەزانین فرۆکە سپییە و شێوەی بەرچاو و دیارە، کە رۆژانە بە بەرچاومان دێن و دەچن، بەڵام ئەگەر سەیری فڕۆکەکانی وڵاتی تایلەند بکەین، دیمەنێکی سەیر و جوان دەبینین، ئەویش رەنگ کردنی فڕۆکەکانە، سەرەتا لەلایەن کۆمپانیای (ئێر ئاسیا) ئەو کارەی کردووە، دواتریش بۆتە چاولێکەری و ژاپۆنیش ئەو کارەی دووبارە کردەوە، پاشان چەند وڵاتێکی دیکەش، ئەو کارەش بۆ جوانی و خۆشی و هەروەها بۆ پاراستنی ئەو فڕۆکانەیە لە ئاسماندا بە یەك نەکەون، ئەمە یەکەم فڕۆکەی رەنگاورەنگی مەدەنییە، کە لە داهاتوودا لە جیاتی فڕۆکەی سپی، فڕۆکەی رەنگاورەنگ لە ئاسماندا دەبینن، ئەگەر ئەو دیاردەیە زیاتر بێ، بهێنە پێش چاویشتان چ دیمەنێکی جوانە کە فڕۆکەی رەنگاورەنگ بە ئاسماندا بەبەر چاومانەوە تێپەڕ دەبێت.

# جل و بەرگ لە شێوەی پشیلە








زۆربەی کچان پشیلەیان خۆشدەوێ، هەندێکیشیان لێی دەترسن، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئافرەتان هەر یەکە سەگێك یان پشیلەیەك بۆ خۆی بەخێو دەکات، بەڵام سەیر لەوەدایە، کە پسپۆرانی جل و بەرگیش پشیلەیان خۆشدەوێ، جگە لەوەش بۆ خاتری ئەو خانمانەی پشیلەیان پێجوانە، تا دڵی ئەو خانمانە رازی بکەن، دەستە جلێکی شێوەی پشیلەیان دروست کردووە، بگرە لە : کراس، پێڵاو، ئەڵقە و ئەنگوستیلە، پانتۆڵ، ئەگەر لە شێوەی پشیلەش نەبێ، وێنەیەکی بچووکی سەری پشیلەیەکیان لە سەر ئەو جلانە داناوە، وەك ئەوەی گوزارشت لە جوانی و خۆشەویستی بۆ پشیلەوە بکەن، ئەوەتا خانمێك لە وڵاتی پیرۆ، دەستە جلێکی جوانی پشیلەی لەبەر کردووە، بە نێو شەقام و کۆڵانی شارەکەیدا بە تاخمی پشیلەوە دەسووڕێتەوە.

# تابلۆ

تابلۆیەکی جوانی خانمە وێنەکێشـــی سویدی (ئانا ئەنچەر)ە، لە ساڵی (١٨٥٩) لە سوید لە دایـــك بووە، دواتر لە وڵاتی دانمارك ژیـــاوە، تابلۆكانی ئانا، زیاتر باس لە ماندووبوون و هێزی توانای جەســـتەیی و دەروونی ئافرەت دەكات، لەو تابلۆیەشدا، باس لە ئافرەتێك دەكات، كە بە بیرێكـــی قووڵەوە كاری دوورینی جـــل و بەرگ دەكات، ڕەنگی خۆر ئاوابوونی بەكارهێناوە، بە مانای هێمنی و گەورەیی هەست و بازووی ئافرەتە.



# مەمیلکەی گران!

لە مـــەودوا ڕەنگە منداڵێکی ســـاوا، (٢٨٠) هەزار دۆلاری بـــکات، بۆیـــە ئـــاگاداری منداڵەکانتان بن، ئەوەی مەبەســـتمانە هەر خودی منداڵەکە نییە، بەڵکو ئەو مەمیلکەیـــەی لەدەمی منداڵەکەدایە، چونکە بـــەم دواییـــە مەمیلکـــەی منداڵانیان لە زێڕ دروســـت کـــردووە، هەر یەکە قەبارەیەکی هەیە، بەڵام گرانترینیان ئەوەی شێوە گەورەکەیە کە بە (٢٨٠) هەزار دۆلارە، ئەم کارە سەیرە لەلایەن کۆمپانیـــای ســـۆمۆی بەریتانی کراوە، بـــۆ ئەوانەیە کە حەز دەکەن زۆربەی کەرستە وکەل و پەلی ماڵیان لە زێڕ بێت.





# بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە، کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت ئەگەر بتوانی لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە دەدۆزیتەوە، بە سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانە پاش)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکە ماڵییە، خووری هەیە)
- پیتی خانەکانی (٧+٨+٦+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سارد)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٦)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پاشای دارستان)



## وتـــەی نـــاوداران

**- جوبران خەلیل جوبران دەڵێ :**

هەڵەی گەورەی ئێمـــە ئەوەیە، کە خۆمان بە هەڵەی کەسانی دیکەوە سەرقاڵ دەکەین !

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە کاروبارەکانت بەرەو پێش دەچیت، بەڵام کەمێك ماندوو بوون بەسیماتەوە دیار دەبێت، هەوڵ دەدەی گرفتێکی خۆشەویستی یاخود گرفتێکی هاوڕێکەت چارەسەر بکەیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەم ماوەیە بەهیچ شێوەیەك دوا نەکەوی لەوەی کە جوانییەکەت بەدەربخەی بەتایبەتی بۆئەو کەسەی کە دەمێکە سەرنجتی راکێشاوە، ئاگادار بە زیاد لەپێویست سۆز کارت تێ نەکات.

**دووانە**
**٥/٢١ - ٦/٢٠**

ویست و ئارەزووەکانت ئاسانکاریت بۆ دەکەن و دەرگای زۆرت بۆ دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانت و لە بواری سۆزداریەوە ئەوەندە دڵڕەق مەبە با دڵت نەبێتە بەرد.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

تا ئێستا گرفتی وروژندان و سەرنج راکێشان لەبیرتایە و بەشێکی زۆری هۆشی داگیرکردووی وەك ئەوەی بڕوات بەخۆت نەبێت و بتەوێت هەموو کاتێك جوانیت بسەلمێنیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەوانەیە رووبەڕووی ئەزموونێکی خۆشەویستی نوێ ببیتەوە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرفت لەگەڵ خۆشەویستی ئێستات، هەروەها خەریکی پلان دانانیت بۆ ئەوەی گەشتێك بکەیت.

**گوڵەگەنم**
**٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پەیوەندییە خۆشەویستیەکەت پێویستی بە سۆزو سەرپەرشتی کردن هەیە، لێمەگەڕێ دۆستەکەت ئەوەندە لە چاوەڕوانی تۆدا بێت و لە بیرت نەکا، لەوانەیە ئارامی خۆی لە دەست بدات.

**تەرازوو**
**٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هیچ ئامۆژگارییەك فەرامۆش مەکە کە هاوڕێکەت یان دۆستەکەت پێشکەشت دەکات، تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت، پەیوەندییە سۆزدارییەکەت سەر لە نوێ دەبووژێتەوە.

**دووپشک**
**١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەرچەندە مێشکت بەزۆر شت جەنجاڵە لەگەڵ ئەوەش بە بەشی خۆت رازیت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ ترسێکت لە پاشەڕۆژت نییە.

**کەوان**
**١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەندێ کەس لۆمەت دەکەن کە هۆش و ژیرییەکی زۆرت هەیە، بەڵام ئازایەتییەکی کەم، هەوڵبدە پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنیت، لەوانەیە کەمێك بێ ئومێد بیت.

**گیسک**
**١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەم ماوەیە گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی تۆدا دەبن، ماوەیەکی بەسوودو بە بەرهەم دەبێت، دوورکەوە لە دڵەڕاوکێی خۆشەویستی، هەواڵێکی خۆشت لە ناکاو پێدەگات.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هیچ زەحمەتییەکت نییە لە بواری ئابوورییەوە، بە شێوەیەکی کتوپڕ بیرت بۆ ئەوە دەبات کە بەرەو گەشەسەندنێکی فیکری بڕۆیت، کەمێکیش هەست بە ماندووبوون دەکەیت.

**نەهەنگ**
**٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەپێکەنین و خۆشی پێشوازی لەم مانگە دەکەیت، هەست بە ئارامی و خۆشەویستی دەکەی، بەڵام پێویستە دووربکەویتەوە لە گرفتی دڵپیسی، ئەگینا خۆشییەکەت زۆر ناخایەنێت.



## وێنە و بیر کردنەوە

لــەم وێنەیــەدا (٣) دیــارن، هەر یەکە بــە جۆرێك دانیشـــتووە، هەوڵبدە ورد بیتەوە و بزانە راستی وێنەکە چۆنە و چۆن گیراوە !



## مانای خەون

**باڵ:** هەندێ لە خەڵــك زیاتر لە جارێك خەون بە باڵ دەبینن، یـــان هەیانە باڵیان هەیە، یان باڵی شـــتێك لە خەودا دەبینن، لەلایەن شیکەرەوانی خەوننامەدا هاتووە، کە باڵ واتە کوڕ، دەڵێن : ئەو کەســەی لە خەودا باڵی هەبێ و بشــکێ، یان ئەگەر خــۆی باڵی باڵندەیەکی شــکاند، ئەوە کوڕەکەی یان خۆی تووشـــی کێشەیەك دەبێ، ئەو کەســەی دوو باڵی بینــی، یان باڵندەیەکی (٤) بــاڵ ببینێ، ئەوە ئەگەر ژنی هەبێ کوڕی دەبێ، یان لــە داهاتوودا ئەگەر ژن بهێنێ یەکەم منداڵی کوڕ دەبێ، بەڵام ئەگەر ئەو خەونە لە کاتی هاوســەرگیری بوو، فڕین بە باڵ، واتە گەشـــت کردن، ئەو کەسەی لە خەودا باڵی هەبێ و نەتوانێ بفڕێ ئەوە پارەیەکی باشی دەست دەکەوێ، ئەوەی باڵی هەبێ و قورس بێ، ئەوە لە داهاتوودا تووشی کێشە دەبێت.